## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (ئەو بینەرانەی لە یاد ناچن)



هەمیشە بینەر مەبەست و تەواوکەری ئەو هاوکێشەیەیە کە پێی ئەڵێن شانۆ، هەروەها هەوڵ کارەکان، لە نووسەرەوە بۆ ئەکتەر و دەرهێنەر و دیزاینەر و ماکیاج.. هەتا ئەگاتە تکتبڕ، هەمووی بۆ خزمەتی بینەر، یان بۆ گەیاندنی شانۆیەکەیە بۆ ئەو وەرگرەی پێی ئەڵێن بینەر.

لەم دەفتەری یادەوەرییەدا، بە ڕەوام بینی و هەقی خۆیەتی، چەند نموونەیەك لەو کەسانە بهێنمەوە یاد، کە نەك بە تەنیا ئاشنای شانۆکەمان بوون، بەڵکو بەشێکی هەرە گرینگ و زیندووی نواندنەکان بوون.

یەکێ لەو یارانە (کاکە حەمەی جەواد ئاغا) بوو، ئەو پیاوە بەڕێزە هەر لە سەرەتاوە بینەرێکی بەردەوامان بوو، کاکە حەمە لەخور (بەلەدییە) کۆنەکەوە قەسابی گا بوو، عەسران خۆی پۆشتە و پەرداخ ئەکرد و ڕووی ئەکردە شانۆکەمان، ئەگەر دوو هەفتە، یان زیاتر نواندنەکە بڕی بکردایە، ئەوا ئەو ئامادەی گشت ئەو ڕۆژانەی نواندنە ئەبوو، هەر چەندە هەوڵمان لەگەڵی ئەدا، پارەی تکت نەدا، بەڵام نەك هەر قاییل نەئەبوو، بگرە تووڕەش ئەبوو. هەتا دوایین ڕۆژەکانی ژیانی بینەرێکی بەردەوام بوو، ئەوەی پەکی خست و کەنەفتەکاری کرد، ئەو کوڕە بەهرەمەندە بوو کە لەگەڵ ئەو ژمارە بەهرەمەندەدا کە تیپی مۆسیقای منداڵانیان هەبوو، بە سەرپەرشتی هونەرمەند مامۆستا (دلێر ئیبراهیم) و لە ڕێگای هەولێر گیانیان لە دەست دا و بوونە کۆستی شارەکە و هەتا ئیمڕۆش ئەو زامە لە دڵی هەمووواندا هەر بەژانە و ئەکولێنەوە.

یەکێ لە بینەرە ئازیزانەکانمان، پیاوێکی ئازای سەربەرز و ڕاستگۆ لە ژیانیدا، مامۆستای زانا و دانا (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) شێخی نەمر لە دەستەبەسەرییەوە لە شاری بەغدا ساڵی ١٩٣٣ وێنەیەکی بۆ مامۆستا شاوەیس ی مێژوونووس و خەباتکار ئەنێرێ و لە پشتی وێنەکە ئەم دێڕە شیعرەی بۆ ئەنووسێ: «بە یادگار ئەینێرم بۆ شاوەیسی ڕەفیقم لە دیدارما بیبینێ بۆ میللەت شەفیقم»

بە لایەنی منەوە مامێکی گەورە بوو، جگە لەوەی هاوسەرەکەشی کچی (خاڵە حەمە و بەگی مونحانم) بوو کە خاڵی دایکمە، دراوسێش بووین، ڕۆژانە هامشۆی یەکتریمان ئەکرد، بە هاتنی بۆ بینینی شانۆییەکانمان شەرەفێکی گەورەی پێئەبەخشین، ئێمە بنە سەرۆکی شانازی خۆمان دانابوو، کاتێ شانۆی پاڵتۆی (گۆگۆڵ)ی بینیبوو، کە من ڕۆڵی پاڵەوانەکەیم ئەنواند، ئەو شەوە پیرۆزباییەکی گەرمی لێکردم، کە هەرگیز لە گۆیشدا ئەو وشە پیرۆزانەیەم بیرناچێتەوە، کاتێ فەرمووی: «کاکە سالار کە ئەم جارە شانۆیەکت پیشکەشکرد، شەرەفی پەردەکردنەوەیەکەم پێ ڕەوا بفەموون.» ئەو ئەو بینەرەمان بوو کە دەبێ شانۆی کورد شانازی پێوەبکات.

زۆر جار شانازی بە مەلای گەورە (مەلا محەمەدی جەلیزادە) ـەوە ئەکەم، کە لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١ کاتی شانۆی لە شاری (کۆیە) نوێنراوە، ئامادەی نواندنەکە بووە و بەر لە پێشاندانەکە وتاری بۆ خەڵکەکە فەرمووە، کە هانی داون بۆ ئەو هونەرە و ستایشی ڕۆڵی شانۆی کردووە. ئێمەش لە شاری سلێمانی، سەرۆکی زانایان و پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی گەورە، خوالێخۆشبوو (شێخ محەمەدی شێخ عومەری قەرەداخی) زۆر جار تەلەفۆنی بۆ ئەکردم ئەیفەرموو: «کاکە ئەحمەد سالار، ئەوا بڕیارم داوە خۆم و دە مامۆستای ئایینی ئەمڕۆ دێین بۆ شانۆکەتان، میوانی هونەرەکەتان ئەبین.» منیش خۆشحاڵی خۆم دەرئەبڕی و پێشوازی گەرمم لێئەکردن. پاش تەواوبوونی شانۆییەکە بە جوانی و ڕوون و ڕەوانی بەو گشت جوانبێژییەی ڕای خۆی بۆ دەرئەبڕین، زۆر جاریش شەوانە تەلەفۆنی بۆ ئەکردم و باری سەرنجی زۆر بە زانستییانە و شارەزایانە بۆ دەرئەبڕیم، منیش بۆ ڕۆژی دوایی ئەو فەرموودانەم بۆ ئەندامانی تیپەکەم ئەگێڕایەوە.

یەکێ لە بینەران بەردەوام کیژۆڵەیەکی ژیکاڵەی منداڵ بوو. ناوی (دادە سروە) بوو، توند دەستی (کاکە سەربەست)ی برای ئەگرت و بەو پەڕی جۆش و خرۆشەوە لە شانۆییەکەی ئەڕوانی، ئەو ساڵانە هێشتا وەکو قوتابی قۆناخی سەرەتایی بوو، ئیدی بەردەوام ئامادە ئەبوو، هەندێ جار لەگەڵ کاکی، یان خوشکەکەیدا سەردانی ماڵیان ئەکردین، ماڵەکانمان لە یەکەوە نزیکبوون و دایکم زۆری خۆشی ئەویست، ئەیبینی کە لەو تەمەنەدا کچۆڵەیەکی ژیر و مەنگ و زرنگە، زۆر جار گوێم بۆ شل ئەکرد باری سەرنجی دەرئەبڕی، ڕۆژێ لە ڕۆژان پاش پێشکەشکردنی

# ئەحمەد سالار

## تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

شانۆییەکە، کە رۆڵی سەرەکیم تیادا ئەنواند، ئەگەر زەینم لێم ئاڵۆز نەکات، شانۆی (ئابلۆقە) بوو، کە بەرهەمی هاوبەش بوو، رۆڵی (داود پاشا)م ئەبینی، بە دەنگێکی نزم و کەمێك شەرمەوە وتی: مامۆستا سالار، لەخوام داوایە تەمەنی من بخاتە سەر تەمەنی تۆ. گەلەکەمان پێویستی بە کەسانی وەکو ئێوە هەیە.

لە ئازایەتی و زیرەکیی ئەم دادخانەدا، نەمئەزانی چی بڵێم، مێخەکبەندێکم بە دەستەوهات و کردمە گەردەنی، پێموت: دادە سروە گیان خوا پشتیوانت بێ و هەر بژیت، کورد و شانۆش کیژی ژیر و ئازای وەك تۆی ئەوێ بۆ ئایندەیەکی جوان. رۆژ و مانگ و ساڵان رابورد و بە هۆی ئەو دابڕینە درێژخایەنی نێوان پایتەخت و سلێمانیدا، رەنگە گەلێك شت دابڕینی بە خۆوە دیبێ، بۆیە منیش ساڵەها بوو ئاگاداری ئەو دادیە نەبووم، وردتر بڵێم ئەوەی کە بیستووم چووبووە زانکۆ (موسڵ) بۆ خوێندنی زانستی (کیمیا) و بە هۆی ئەوەی خێزانێکی کوردپەروەر بوون و کاکە سامالی برای پێشمەرگە بوو، دایك و باوك و خوشك و برای لەو خوارە لە حەپسخانە بوون و ئەشکەنجەدران- ئەو رۆژە لەسەر شانۆی (کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد) لە سلێمانی، لە دوتۆی فیستیڤاڵی یەکەمی شانۆی سالار، لە مۆنۆ درامای (پاسەوان) نووسینی (دڵشاد مستەفا) و دەرهێنانی (ئەرسەلان دەروێش)، دوای تەواوبوونی شانۆییەکە خانمێك و هاوسەرەکەی و دوو کیژۆڵەی ژیکاڵە هاتنە سەر شانۆ و گوڵیان پێشکەش کردم، ئەو خانمە دادە سروەکەی جاران بوو، هەمان ئەو مێخەکبەندەی ئەو دەمەی قوتابی سەرەتایی بوو، پاراستبووی. پاش ئەو هەموو ساڵە، کە ئەو رۆژەی لە سەر شانۆکە لەگەڵ کاکە (تاریق)ی هاوسەر و لانۆخان و لۆناخان پێیان شادبوومەوە، بەڕێوەبەری دواناوەندی بێخاڵی نموونەیی سلێمانییە و ئەتوانم بڵێم سەرکەوتووترین بەڕێوەبەرە و لەخۆی خوێندنگا وخوێندکارەکانی خۆش ئەوێ، پاشان بەهەمان گیانەوە بەخۆی هاوسەر و کیژەکانی و خوێندکارەکانیەوە ئەو پەڕی دڵسۆزی بۆ بەرهەماکانمان پێشاندا و لە ئەندامە هەرە چالاکەکانمان بوون، بینەرێکی ئازیزی دیکەمان، کە لە دەفتەری یادگاری شانۆکەمدا، لە پرشنگدارترین شوێن ناوی هەیە، گەنجێکە بیر (مارکسیزمی لێنینیزم) بوو، شەهید (ئەکرەم محەمەد ئەمین) کە لە ناو هاوەڵ و دۆستانیدا بە (کاکە ئەکرەمی دایکە حەپسەخان) ناسرابوو، گەنجێکی رۆشنبیری هۆشیار، کاتێ باری سەرنجی لەسەر بەرهەمەکانمان دەرئەبڕی، رەخنەکانی لە ئاستی شرۆڤەکردن و لێکدانەوە و بینینەوەدا بوو، ئەم ئازیزە زۆر جار لەگەڵ دوو برادەری زۆر دڵسۆز ئەهات کە لە برادەرە هەرە خۆشەویستەکانی من بوون لە سەردەمی هەرزەکارییەوە، (کاکە ئەحمەدی حەمکۆڵ قەساب) و (کاکە حەمەی نێرگزی هونەرمەند). ماوەیەك بوو نەمئەبینی و کاتی لەو برایەم سۆراغیم کرد، زانیم بە چ مەرەیەکی خراپیان بردووە و لە قەسابخانە دڕندەییەکەی بەعس لە موسڵ سزای لە سێدارەدانیان داوە، هێندەی نەبرد ئەو دوو برادەرەم بینی وتیان: ئەچینە موسڵ بۆ دوایین چاوپێکەوتنی کاکە ئەکرەم، چونکە لەسێدارەدانەکەی ئەنجامئەدەن.

بە راستی هەرچەندەم لە خۆم کرد، نەمتوانی بچم سەردانی ئەو گەنجە پڕ هیوا و ئازایە بکەم کە ئیدی نایبینمەوە، گەلێك کارێکی سەخت و دژواربوو، کوردێك گەردەنی لەکێوی (پیرەمەگرون) بڵندتر و ورەی باڵاتر و زۆر سەختتر، بۆ بەیانی گەردەن شکێن و سارد و سڕ و خامۆشی بکەن...!!

هەرچەندە لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێ ئازیزەم جارانی دیکە بۆ چاوپێکەوتنی یاران سەردانی حەپسەخانەی (ئەبوغرێب)مان کردبوو.

پاش شەهیدکردنی (کاکە ئەکرەم) گەینرایەوە، وتیان ئەوەی خەم و ترس بێ لەو دلێرەدا نەبوو، هەرگیز بەو نەشئە و خرۆشییە نەبینرابوو، تەنیا داوای ئەوە بوو لەسەر لێدەرەکانی ئەو دوایین چاوپێکەوتنە ئەوە بوو، سەنگەری جگەرگۆشەی بە هەردوو دەستی بەرزکردبوووە و وتبووی: تەنیا داوام لە ئێوە ئەوەیە، ئەگەر منتان ئەوێ سەنگەرم بە شیوعیەت بۆ پەروەردە بکەن.

بینیمانەوە، ئەو دەمەی رووبەڕووی ئەو چارەنووسە ببووەوە، مەرگ و سێدارە و جەلادەکان لەرزیان لێهاتبوو، زەندەقیان لە ئازایەتی (شەهید ئەکرەم) چووبوو، پاش ئەو کۆستە بە ماوەیەك، تیپەکەمان شانۆی (چارەنووسی ئادەمیزاد)ی (شۆلۆخۆف)ی پێشکەش ئەکرد، روانیمان خانمێکی رەشپۆشی سەنگین و بەڕێز بەرەو دەرگای هۆڵەکە هات، کە لە ئامادەیی (سەلاحەدین) بوو، ئەندامەکان ناسییان، ئەو هاوسەرەکەی (شەهید ئەکرەم)ـە، واتە دایکی سەنگەر، پێشوازی گەرمیان لێکردبوو، ئەوسا منیشیان ئاگادار کرد، چوومە خزمەتی و پێشوازییەکی گەرمی کوردانەم لێکرد و بەر لە دەستپیکرن لەبەر دەمی بینەراندا وەستام و بەتایبەتی بەخێرهاتنم کرد، لەو سات و شوێنەدا هەسم ئەکرد، من شکسپیرم و سەردەمی (ئەلیزابێسی)یە و لە پێشوازی پاشادام، بە دڵ بڕوام بەوە بوو خێزانی شەهیدەکەمان لەو پاشایانە شکۆدارترە.

لە کاتێکا لەو رۆژی نواندنەماندا سێ ئەکتەرمان لەلایەن دەزگاکانی (ئەمن)ـەوە گیرابوون، بەڵام نواندنی ئەو رۆژە زۆر تایبەتی بوو، ئەو کارە لە دەرهێنانی کاکە (مەریوان عومەر شەربەتچی) هونەرمەند بوو، بۆ رۆژی دوایی دوو ئەکتەری دیکەیان گرتین، ئیدی نەمانتوانی بەردەوام بین، هۆڵەکەش پڕبوو لە بینەران، داوامان لێکردن، بمانبەخشن ناتوانین شانۆییەکە بنوێنین، تکایە تکتەکان بگەڕێننەوە و پارەکانتان وەربگرنەوە، بەڵام نەئەڕۆیشتن، ئێمەش لەبەر ئەوەی ئەمانزانی (ئەمن) لە هۆڵەکەدایە، نەمانئەوێرا راستییەکە بدرکێنین، بەڵام بینەران هەر ئیتەرمیان لەسەر زانینی راستییەکە ئەکرد.

**ئەو شەوە پیرۆزباییەکی گەرمی لێکردم، کە هەرگیز لە گۆێشدا ئەو وشە پیرۆزانەیەم بیرناچێتەوە، کاتێ فەرمووی: «کاکە سالار کە ئەم جارە شانۆیەکت پیشکەشکرد، شەرەفی پەردەکردنەوەیەکەم پێ رەوا بفەموون.»**

**لە شاری سلێمانی، سەرۆکی زانایان و پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی گەورە، خوالێخۆشبوو (شێخ محەمەدی شێخ عومەری قەرەداخی) زۆر جار تەلەفۆنی بۆ ئەکردم ئەیفەرموو: «کاکە ئەحمەد سالار، ئەوا بڕیارم داوە خۆم و دە مامۆستای ئایینی ئەمڕۆ دێین بۆ شانۆکەتان، میوانی هونەرەکەتان ئەبین.»**



## براد بێت خیانەت لە ئەنجلینا دەکات

ماڵپەڕی (Radar ON Line) چەند وێنەیەکی ئەستێرەی سینەمایی هۆڵیۆد براد پیتی هاوسەری خانمە ئەکتەر ئەنجلینا جۆلی بڵاوکردەوە لە میانەی وێنەگرتنی دوایین فیلمی خۆی کە بە ناوی (Allied) و خانمە ئەکتەر لیزی کاپلان رۆڵی پاڵەوانی لەگەڵدا دەبینێت و پێشبینی کرد ئەم پێوەندییە ببێتە ناپاکی هاوسەری.



## دیزی شا دژی هاوسەرگیری سەلمان خانە

خانمە ئەکتەری هیندی دیزی شا لە لێدوانێکیدا کە تا رادەیەکی زۆر بۆ هەوادارانی مایەی نیگەرانی و سەرسامی بوو، رەتی کردەوە کە سەلمان خان هاورێی نزیکی بە نیاز بێت بەم زووانە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەستێرەی یۆلیا فانتۆر کە بێژەرێکی ناوداری رۆمانییە پێك بهێنێت و هەواڵەکەی بە نا درووست وەسف کرد.

پێشتر چەند راپۆرتە هەواڵێك ئاماژەیان بەوە کردبوو کە سەلمان خانی ناسراو بە بەناوبانگترین زگورتی بە نیازە لە ماوەیەکی نزیکدا بچێتە ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم راپۆرتانەدا دیزی شای هاورێی نزیکی سەلمان خان ئەو هەواڵانەی رەت کردەوە و رایگەیاند کە ئەو دژی پرۆسەی هاوسەرگیرییە بە شێوەیەکی گشتی بۆیە نایەوێ لە ئێستادا سەلمان

## کیم لەبەر ئەنتەرنێت کوبای جێهێشت

ئێستا ئەنتەرنێت بووەتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی خەڵك بەتایبەتی کەسایەتییە ناسراوەکان و هونەرمەندان کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن دەستبەرداری بن، چونکە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەردەوام پێوەندییان بە جەماوەریانەوە و گەیاندنی دوایین هەواڵ و چالاکییە هونەرییەکانی خۆیان و بیروڕایان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە رۆژانە سەدان هەزار هەوادارانیان سەردانیان دەکەن.

بەم دواییە ئەستێرەی تەلەفزیۆن و خانمە نمایشکاری جلوبەرگ کیم کارداشیان سەردانی وڵاتی کوبای کرد بۆ بەسەر بردنی چەند ساتێك لەگەڵ خێزانەکەی، بەڵام بەر لە تەواوبوونی وادەی سەردانەکەی ناچاربوو بە فرۆکەیەکی تایبەت بگەڕێتەوە بۆ لۆس ئەنجلۆس و کۆتایی پێ بێنێت.

لە بارەی ئەم کارەی کیم بە توڕەییەوە رایگەیاند: کوبا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دەمێکە حەزم دەکرد سەردانی بکەم، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی ماوەیەکی زۆر لەوێ بمێنمەو و ناچاربووم سەردانەکەم کۆتایی پێ بێنم، چونکە خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێت زۆر لاوازن، بەهەمان شێوە

لە زۆربەی وێنەکاندا براد لیزی ماچ دەکات و بەگوێرەی ماڵپەڕی ناوبراو ئەو ماچانەی لە چوارچێوەی سیناریۆی فیلمەکە نەبوون و بەپێی هەواڵی ماڵپەڕەکە ئەمە دەچێتە خانەی ناپاکی براد لە ئەنجلینا جۆلیی هاوسەریی کە لە ئێستادا باری تەندروستی خراپە و کێشی لەشی بەشێوەیەکی ترسناك دابەزیوە.

چەند سەرچاوەیەکی دیکەی نزیك لە فیلمەکە رایانگەیاند کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی وێنەگرتنی فیلمەکە جۆرێك لە نزیك بوونەوە لەنێوان براد و لیزی هەستی پێدەکرا ئەمەش ئەو پێشبینییەی ماڵپەڕەکە راست دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەنووسی هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە پێوەندییەك لە نێوان براد و خانمە ئەکتەری فەرەنسی ماریۆن کۆتیاردا کە ئەویش یەکێك لە بەشداربووەکانی فیلمەکە.

ماڵپەڕەکە پرسیاری ئەوەی کردووە لە کاتێکدا ئەنجلینا جۆلی لە نێوان ژیان و مەرگدایە و باری تەندروستی زۆر خراپە، برادی هاوسەری تا چەند یارمەتیی دەدات بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە رزگاری بێت؟



خان بچێتە نێو ژیانی هاوسەرییەوە، دیزی لە درێژەی قسەکانیدا وتی سەبارەت بەم هەواڵەوە بە پێکەنینەوە وتی : ئەم هەواڵانە راست کە باس لە ناکۆکی نێوان من و یۆلیا دەکەن سەبارەت بە سەلمان خان،، چونکە سەلمان خان تەنیا هاوڕێیەکی نزیکی منە، بەڵام من بە هەموو شێوەیەك دژی پرۆسەی هاوسەرگیریم، بۆیە بە هیچ شێوەیەك حەز ناکەم کەس لە هاوڕێکانم ژیانی هاوسەرگیری پێك بهێنن، ئەمە پێوەندی بە نێوانی من و سەلمان خان و یۆلیاوە نییە، بەڵکو من بەم شێوەیە لە ژیان دەڕوانم.

سیگناڵی مۆبایلیش ناگاتە هەموو شوێنێك، ئەم دووەش بۆ من زۆر زەروور و پێویستن و بوونەتە بەشێك لە ژیانم و هۆکاری بەردەوامی پێوەندییەکانمە بە جیهانەوە.

شایەنی باسە کیم کارداشیانی تەمەن ٣٥ ساڵ بەوە ناسراوە کە ئاڵوودە بووە بۆ بەردەوامی پێوەندیی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێو ئەستێرەکان وا ناسراوە کە زۆرترین کات لەسەر ئەنتەرنێت بەسەر دەبات.

## دونیا شەهیدی:

# هونەری کوردی لە پێشکەوتندایە

**یەکێکە لە دەف ژەنە سەرکەوتووەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە چەندین گرووپی موزیکی رۆژهەڵاتدا بەشداری کردووە و شوێن پەنجەی دیار بووە. پێوەندیی ئەو و دەف تا رادەیەکی زۆر تایبەتە و دەگاتە رادەی عەشق، بۆیە لە کاتی ژەنینیدا بە جۆرێك ئاوێتەی دەبێت کە هەوڵ دەدات هەرچی سیحر و هونەر لەو ئامێرەدا هەیە بە پەنجەکانی خۆی بە گوێچکەی جەماوەریدا بدات. دونیا شەهیدی نیشتەجێی شاری کرماشان-ی رۆژهەڵاتی کوردستانە و بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای ئەم ئامێرە بێت و لەو رێگایەوە خزمەتێك بە هونەری کوردی بکات.**



دونیا شەهیدی سەبارەت بە گرنگیدان بە مۆسیقای سوننەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ: مۆسیقای سوننەتی و دواتر کاریگەری لەسەر هەموو شوێنەکانی ئێران هەبووە بە کوردستانیشەوە مۆسیقای رۆژهەلاتی کوردستان دەوڵەمەندە و خەڵکیش پێوەی پەیوەستن، هەرچەندە ئێستا شێوەی ژیان گۆڕاوە کەلتووری نەتەوە ژێردەستەکان کاریگەری داگیرکەرەکانیان بەسەرەوە دیارە نەك کەلەپوری رەسەنی خۆیان، هەر کەسێك بیەوێت فێری مۆسیقای رەسەنی کوردی بێت پێویستە سەرەتا شارەزایی لە مۆسیقای سوننەتی و ئامێرەکانی هەبێت ئینجا شارەزا بوون و فێربوونی مۆسیقای رەسەنی کوردیی بۆ ئاسان دەبێت، هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین کە بەشێکی زۆری هونەرمەندانی رۆژهەڵاتی کوردستان تا رادەیەکی زۆر شارەزان لە مۆسیقای سوننەتی، هەروەها لە بەشێکی زۆری گۆرانییە رەسەنەکانیش مۆسیقای سوننەتی رۆڵی لە سەرکەوتنیاندا هەبووە.



دونیا پێیوایە کە بە هۆی نزیك بوونیان و ئەو پێوەندییەی لە نێوان هەردوو گەلی کورد و فارس هەیە مۆسیقای هەردوو گەل کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە و هەردووکیان دەوڵەمەندن، لەم بارەیەوە دەڵێ:

هەردووکیان بەشێوەیەکی جیاواز کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەبێت. مۆسیقای کوردی لە بواری ریتم و میلۆدی زۆر دەوڵەمەندە بۆیە توانیویەتی شوێنی خۆی لە نێو مۆسیقای نوێی ئێرانی بکاتەوە، زۆربەی موزیسیانە گەورە و ناودارەکانی ئێستای ئێران کوردن، بەشێك لە ئامێرە مۆسیقییەکانیش کە بە هی کورد ناسراون گەلانی دیکەش سوودی لێوەردەگرن لەوانەش هونەرمەندانی ئێرانی و گرنگییەکی زۆریشی پێدەدەن.هەروەها نموونەیەکی دیکەی مۆسیقای کوردی کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا لە مۆسیقای ئێرانی زۆر بەکاردەهێنرێ بریتییە لە (تەمووره) کە زیاتر بە ئامێرێکی مۆسیقی کوردی لە ئێران ناسراوە، بەڵام غەیرە کوردەکانیش ئێستا زۆر حەز لە بەکارهێنانی دەکەن، هەندێك گرووپی مۆسیقی کوردی کاری سوونەتی زۆر جوانیان ئەنجامداوە، تا گەیشتە ئەو رادەیەی کارەکانین بەجۆرێك بێت کە هەردوو موزیکی کوردی و فارسی تێکەڵ بکرێت و جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا هەستی پێ نەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی مۆسیقای فارسی لە زۆربەی بەشەکانی ئێراندا بڵاوبۆتەوە و یەکێکە لەو مۆسیقایانەی کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە زۆر بواری تایبەت بە مۆسیقادا، ئاوازەکانی تایبەتن و زۆربەی گۆرانیبێژەکانی رۆژهەڵات سەرەتا لەوێوە فێر دەبن هەرچەندە کە ئەوانەی بەکاری دەهێنن پێویستە

شارەزاییەکی زۆریان لێی هەبێ

دەربارەی ئەو ئامێرە مۆسیقییانەی کە گرنگی زۆری پێدەدرێت بەتایبەتی دەف و سێتار و چەند ئامێرێکی دیکەی موسیقی لە رۆژهەلاتی کوردستان و نهێنیی ئەو خۆشەویستییە بۆ ئەم ئامێرانە دونیا دەڵێ: نهێنییەك هەیە لەوانە یەکەم: بلاوبوونەوەی زۆرتری ئەم ئامێرانە و دەستکەوتنیان، دووەم: درووستکردنی ئەم ئامێرانە بەشێوەیەکی درووست لە ئێران، چونکە لە ساڵانی رابردوو ژمارەیەکی زۆر مامۆستای بەناوبانگی درووستکردنی ئامێرە مۆسیقییەکان لە ئێران کاریان لەسەر کردووە بۆیە بەشێوەیەکی زانستی تەواو درووست دەکرێن، هەروەها فێربوونی ئەم ئامێرانە لە ئێران ئاسانە بەهۆی بوونی کتێبی زۆر و مامۆستای شارەزای ئەم ئامێرانە زۆرن، جگە لەمانەش دەنگی خۆشی ئەم ئامێرانە زیاتر لە گوێچکەی کوردانی رۆژهەلاتی کوردستان زیاتر جێگیر بووە.

سەبارەت بە گرنگیدان و پێشخستنی مۆسیقای نوێ کە زیاتر گۆرانییەکانی خێران یان مۆسیقای سوونەتی و گرنگییان بۆ جەماوەر، دونیا دەڵێ: من پێموایە هەردووکیان پێویستن و هەردووکیان جەماوەری خۆیان هەیە بۆیە ناکرێ یەکیان پێش بخەین و ئەویتریش پشتگوێ بخەین پێویستە هەردووکیان لە مۆسیقادا هەبن و هەر کەس بە سەلیقەی خۆی هەڵیانبژێرێت، مۆسیقای نوێ و پێویستە دانەبڕێین بۆ ئەوەی لە رەوتی هونەری جیهانی و هاوشانی جیهان پێشکەوین، لە هەمان کاتدا پێویستە مۆسیقای رەسەن و سوونەتیش پشتگوێ نەخەین بۆ ئەوەی کەلتوور و مێژوو مۆسیقای خۆمان بە زیندوویی بهێڵینەوە و لە نێو گەلاندا شانازیی بە کەلتووری خۆمانەوە بکەین، بەشێوەیەکی گشتی مۆسیقا پێکهاتووە لە چەند کاراکتەر کە دەبێ هەر یەکێك لەمانە بە باشی مافی خۆیان پێ بدرێت، بەڵام پێویستە گەنجان بە بەرهەمی ئەم هونەرمەندانە ئاشنا بکەین و مەقامە کۆنەکان زیندوو بکەینەوە بەشێوەیەك زانستی و درووستی، بەمەش دەتوانین مۆسیقای کوردی پێش بخەین، هەروەها مۆسیقای کوردی کۆ بکەینەوە و زیندوو بێتەوە لە زیهنی تاکی کورد و ئەو رەسەنایەتییەی کە هەیەتی بۆ بگەڕێنینەوە.

ئافرەتان رۆڵێکی گرنگیان لەو گرووپە هونەریانەدا هەیە کە ئێستا لە رۆژهەلاتی کوردستان کاری هونەری لە ئاستێکی بەرزدا پێشکەش دەکەن لەم بارەشەوە شەهیدی دەڵێ: کوردستان بە گشتی پێشینەیەکی مێژوویی زۆر کۆنی هەیە و خاوەنی پێشینەی دەستییە کە هەلگیراو وپارێزراون، فەرهەنگی مۆسیقا لە کوردستان بە شێوازی جیاجیا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە

ئافرەتانیش کە بە هێزەوە روویان لە بواری هونەری کردووە بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامیان توانیویان وەکو هونەرمەندێکی پێشکەوتوو و بە توانا دەرکەون، مرۆڤ بەبێ جیاوازی ئافرەت یان پیاو لە هەر بوارێکی ژیاندا بەتایبەتی لە بواری هونەری دا بە دڵسۆزییەوە هەر کارێك ئەنجام بدان و هەوڵ و کۆششی بۆ بدات مەبەستی خزمەتکردن بێت، بێگومان دەتوانێت سەرکەوێت و ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، دیارە ئافرەتانی کورد لە ساڵانی دواییدا لە بواری هونەردا هەنگاوی باشیان هاویشتووە و هەر یەکیان بەپێی سروشتی ژیانی ئەو پارچەیەی تێیدا دەژین. لە رۆژهەلاتی کوردستان ئافرەتان رۆڵێکی باشیان هەبووە بەتایبەتی لە بواری مۆسیقا و کاری زۆر باشیان ئەنجامداوە و توانیویانە شوێنی خۆیان بکەنەوە هەرچەندە چەندین ئافرەتی زۆر دەنگخۆش و بە توانامان هەیە، لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئافرەتان زیاتر روویان لە گۆرانی وتن کردووە، ئەمەش جێگای خۆشحاڵییە بۆ هەموو کوردێك.

